# ٢٦ هەمین ساڵیادی سەرهەڵدانی ١٥ تەباخ/گەلاویژ پیرۆز بێت

دابەشکردنی کوردستان بە سەر داگیرکەری جیاوازدا کێشە و ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی زیاتر کرد. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە شێوەی چەوساندنەوە و ئازاردان و ترساندن و زیندانیکردن و کوشتنی کورددا بە شیوەی جیاواز پسپۆڕن.
هەموویان لە پرۆسەی تاڵانی ئابووریی، دواخستنی بەئەنقەستی کوردستان لە گەشە و پێشکەوتن، لە جینۆدسایدی کورد، لە چۆڵکردنی کوردستان لە کورد، بە شێوەی تایبەتی خۆیان کارزانن.
هیچ رژێمێک لە هیچ یەکێک لەم وڵاتانە بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی کورد ئاشتیخواز نەبووە. لە ئەسڵدا دەوڵەت، واتە خودی سیستەمی حوکمڕان داگیرکەرە و لەبەرئەوە جیاوازیی لە حکومەتەکانیاندا تەنها بوارەکانی سیاسەتی ناوخۆ دەگرێتەوە و جیاوازیەکی ئەوتۆیان بۆ سەر پرسی کورد نییە.

پێش لە دایکبوونی پارتیا کارکەرێن کوردستان، پ. ک. کورد لە باکووری کوردستان نیوەمردوو بوو. دەوڵەتی تورک بزووتنەوەگەلێکی بەئەژماری لە ناو بردبوو، ترس و وەحشەت و خەفەقان سەرتاپای کوردستانی داگرتبوو. فاشیزمی تورکی لە مێژووی خۆیدا کە لە جیهاندا بە دڕندە و وەحشی و ناشارستانیی بە ناوبانگە، لە کوردستان لەو پەڕی بێ ئەخلاقی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییدا بوو.
تورکەکان بڕیاریان دابوو کورد لە سەر لاپەڕەی مێژوو بسڕنەوە. هەویەتی قەومی و موزیک و گۆرانی و کولتور و فەرهەنگ و زمانیان لە سەر بەرهەم و مێژووی کورد و ئاشوور و ئەرمەن دامەزراندبوو. نە دەکرا باس لە هیچ گۆڕانکاریەکی دیموکراتیک و ئاشتیخواز بۆ کورد و گەلانی دیکەی بندەست لە تورکیا بکردرێت.

سەرهەڵدانی ١٥ تەباخ/ گەلاویژ، ڕووبەڕووبوونەوەی چەوساوەکانە دژ بە تاڵانکاریی، بە کوشتن و برین، بە خوێنرێژیی و فەساد، بە وەحشیگەریی و ناشارستانێتی. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە، سەرەڕای دواکەوتوویی و دڕندەیی تورکیا، سەرەڕای گەلەکۆمەکێی نێونەتەوەیی و خۆرئاوایی، بتوانێت بەردەوامیی بە پرۆسەی هەبوون و ئامانجی خۆی بدات.

لە مێژووی خۆیدا، باڵی سەربازیی پ.ک.ک چەندین جار بڕیاری یەکلایەنەی ئاگربەستی داوە. ئەو ڕاگەیاندنە هەم بە فەرمیی بە هەموو جیهان ڕاگەیەندراوە و هەم لە پراکتیکیشدا جیبەجێ کراوە، بەڵام بە داخەوە هیچ کاردانەوەیەکی پۆزەتیف لەلایەن دەستەڵاتی داگیرکەری تورکەوە نەبووە.
تورکیا هەمیشە وەڵامی تێرۆریستبوون و تا سەربردنی شەڕی بۆ سەر کورد دووبارە کردووەتەوە.
ئێمە هاوکات کە پیرۆزبایی لە هەبوون و لە ژیانی ٢٦ ساڵڕۆژی هێزی گەریلا لە باکووری کوردستان دەکەین، و هیوادارین پ.ک.ک زیاتر و زیاتر پێ لە سەر خەباتی ئاشتیی و چارەسەری سیاسیی و دیپلۆماتیی دابگرێت، هەروەها داوا لە دەوڵەتی داگیرکەری تورک دەکەین کە هەرچی زووترە بە دەم بانگەوازی ئاشتیخوازانەی کوردەوە بێت.

هەروەها داواکارین کە دەست لە پیلان و پیلانگێڕیی دژ بە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان بهێنێت و واز لە مامەڵەی کوشتن و بڕینی کورد بهێنێت. تورکیا دەبێت حاڵیی بێت کە کورد بە هێز و توانایەکی زۆرەوە ڕووەو پێشەوە سنگ دەکوتێت و هیچ هێزێک نییە بەرەو دوواوەی بگێڕێتەوە.
تا زووتر تورکیا مل بە چارەسەری سیاسیی و ئاشتیانە بدات، خێراتر گەلانی ئەو ناوچەیە بە ئاشتی و هاوکاریی و پێکەوەژیان دەگەن.

ئێمە، **کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان**، وەکو ڕێکخراوەیەکی سیاسیی جیددی، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئازار و برسیەتیی و چەوسانەوەی کوردستانیانمان بە داگیرکەریی و کۆلۆنیالیزمەوە گرێداوە. پێمان وایە تا هێزی داگیرکەر لە شێوەی سوپا و ئیتلاعات و میت و ئیستیخبارات و پۆلیسی نهێنی و ژێندرمەدا، کە بە سەدان هەزارن، لە کوردستان هەبێت، کوردستان ناتوانێت ئازاد بێت، و لەبەرئەوە خەڵکی کوردستان بۆیان هەیە هەر شێوەیەکی خەبات ئەنجام بدەن کە پێیان باشە، لەوانە خەباتی چەکداریی و زەبرگیریی، بەڵام هاوکات جەخت لە سەر خەباتی ئاشتیی و چارەسەریی سیاسیی و دیپلۆماتیی دەکەین و هیواداریین ئەو پارت و ڕێکخراوانەی تورک و عارەب و فارس کە خۆیان بە ئاشتیخواز دادەنێن و پێ لە سەر برایەتیی دادەگرن، مافی گەلی کورد بۆ هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی و بۆ ژیان لە ئاشتیی و ئازادییدا بسەلمێنن.

بۆ ئێمە هەروەها گرینگە کە هەموو پێکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین و زیاتر و زیاتر ناو و سەروەریی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بچەسپێنین و خەبات بۆ یەکترقبوڵکردن و بۆ ڕێزگرتن لە یەکتر بکەین. هەمووان دەبێت بزانن تەنها لە پلورالیزمی سیاسیی تەواودا دەتوانین سەربکەوین. کەس ڕێگای پێ نادرێت پاوانخوازیی لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە ئەنجام بدات. دوژمنانی کورد سوودی زۆریان لە بیری سیاسیی ناجیددی و بێپرینسیپیی وەرگرتووە و نابێت ئەو دەرفەتەیان بۆ فەراوان و بۆ فەراهەم بکردرێت.

**بژی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان**
**هێزی داگیرکەری وەحشیی و کۆنەپەرست لە کوردستان بۆ دەرەوە!**

کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان
٢٠١٠/٨/١١